## قیبلەم کوردستانە

ئەگەررۆژێک لە منیان پرسی تۆ کێی ؟
منیش ئەڵێم، من کێم ؟
ئەگەررۆژێک وتیان تۆچیێت ئەوێ ؟
منیش ئەڵێم، من چیم ئەوێ ؟
ئەگەررۆژێکلەمنیان پرسی، بۆ کوێ ئەچی ؟
منیش ئەڵێم ، بۆ کوێ ئەچم ؟
ئەگەررۆژێک وەک گورگی هار
هەرچواردەوریان بە دڕک چنیم
ئەگەررۆژێک ویستیان بەزووخاوی دڵی ڕەشیان
بەدڵی پڕلەڕق وقینیان
بەدەستی پڕلەخوێن وچەپەڵیان
هاواری‌نێوگەرووم بخنکێنن ،
منیش ئەڵێم !
هۆی گەوجینە !
بۆکوێ ئەچن وابەپەرتاو
دەڵێی ئەسپی بێ لغاون
من ئەوکەسەم، دووندی‌چیاقەف، قەف دەبڕم
من ئەوکوانەم گلێنەی چاوی دووژمن دەردێنم
بەفری‌چیاوکانیاوی‌ساردی‌کوێستانانم
هەتاوی‌بەتینی تاراوگەی‌ژیانم
پشت وپەناو گۆچانی‌بن دەستی‌لێ‌قەوماوانم
من پێشمەرگەم
من‌کوردم و
قیبلەم کوردستانە.

شەوگەرد

26.02.2004